www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 8-3-2007 1:32

## نەوشێروان سەرۆكی تاوانی پشتئاشان بوو، با ئیمزا بۆ دادگاییكردنی كۆ بكەینەوە. ... بە قەڵەمی (باز)

ئەوەی هەشتاكان، زۆر بە چاكی نەوشێروان مستەفا دەناسن، بەوەی نەوە لە هەموو ژیانیدا سەرۆكایەتی یەك هێرش و بەرەنگاربوونەوەی بەرامبەر رژێمی بەعسی لەناوچوو نەكردووە، كەچی ئەو نەوشێروانەی كە ئێستا لە سلێمانی دانیشتووە و (15) پانزە ملیۆن دۆلار وەك قۆناخی یەكەم بۆ كۆمپانیای وشە ی تەرخان كردووە، سەركردایەتی دەیان شەڕی سەختی بەرامبەر حزبە كوردستانییەكان كردووە، هەر لە پارتی دیموكراتی كوردستانەوە، تا دەگاتە حزبی شیوعی و حزبی سۆشیالیت و پاسۆك و.......هتد.

دە فەرموون ئەگەر نەوشێروان سەركردایەتی دەیان شەڕی نەكردووە، با ئەندامێكی سەركردایەتی لەو حزبانەی ئەوساكە بە (ینك) یشەوە، زاتی ئەوە بكەن بڵێن بوختان بە نەوشێروان دەكەن.

ئەوەتا (نەوە) خۆی لە كتێبی پەنجەكان یەكتری ئەشكێنن، دان بە رۆڵی سەرەكی خۆی دەنی لە شەڕی پڕ خوێناوی قرناقەو پشت ئاشان، كە هەتا كورد مابێت ئەو تاوانە لەبیر ناكات و تاوانی پشت ئاشان بۆ كورد بە قەد تاوانی دوجەیل زۆر زۆر كارەساتترو خەتەرتر بوو كە سەدامی لەسەر ئیعدام كرا، كەچی بێ وەفایی نەوشێروان بی نمەكی نەوشێروان بەرامبەر مام جەلال گەیشتۆتە ئاستێك دەیەوێت دەستە خوێناوییەكەی خۆی بە مام جەلال بسڕێتەوە. ئەوەتا لە رۆژنامەی هاولاتی كە ئۆرگانی نەوشێروانە، دەیەوی ئەو تاوانە گەورەیە هەمووی بخاتە ئەستۆی مام جەلال لە كاتێكدا سەركردەی فیعلی شەڕەكە نەوشێروان بووە، باشترین بەڵگەش فەرموون، لە سەركردەكانی حیزبی شیوعی بپرسن، فەرموون لە كەریم ئەحمەد و ئەحمەد بانیخێلانی بپرسن، كە لەم شەڕە خوێناوییە بەدیل گیرابوون، فەرموون لە خوشكە فریشتە بپرسن كە ئەویش لەگەڵ چەندین خوشكی دیكە گیران و ئەشكەنجە دران و دواتر هەندێكیشیان نامەردانە شەهیدیان كردن، هاولاتی هەموو چوارشەممەیەك باسی ئیمزا كۆكردنەوە دەكات لەسەر (سەرۆ قادر) لە كاتێكدا سەرۆ لە هەموو ژیانیدا پەنجەی یەك كەسی بریندار نەكردووە، بەڵام سەیركەن چۆن هاولاتی لەبەرامبەر ئاغاكەیان، ورتەیان لێوە نایەت لەكاتێكدا دەستی چۆتە ناو خوێنی دەیان و بگرە سەدان كەسی تێكۆشەر، ئێستا من داوا لە سەرۆكی كوردستان كاك مەسعود بارزانی و سەرۆكی حكومەت كاك نێچیرڤان بارزانی و سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان كاك عەدنان موفتی دەكەم، دادگایەكی عادیلانە پێك بهێنن بۆ قەرەبووكردنەوەی ئەو تێكۆشەرانەی بە غەدرێكی زۆر گەورە نەوشێروان شەهیدی كردن و هەندێك لە ئافرەتانیشیان ئەتك كرد، كە زۆر زۆر لە مونەزەمەی بەعس پیستر بوون.

ئێستا ئەگەر یاسا هەیە با دادگایەك بۆ ئەو تاوانەی پشت ئاشان دروست ببێت و با تا ئەو كەسانەی لە ژیاندا ماون وەكو تێكۆشەران كەریم ئەحمەد، ئەحمەد بانیخێلانی، عزیز محمد، فاتح رەسول، بەهائەدین نووری، ئەبو عامل، دەیانی تریش، بێجگە لە خوشكە فریشتەو، خێزانی فاتح رەسول و چەندانی تر كە بە دیل گیرابوون، بەڵی جەنابی سەرۆكی كوردستان تا ئەو تێكۆشەرانە ماون، تا بەڵگەنامەكان ماون، تا نەوشێروان بەكۆمپانیای وشە ئاگرێكی دیكەی دروست نەكردۆتەوە، پێویستە بدرێتە دادگاو خەڵك و كەسوكاری قوربانیان با دوژمنانی خۆیان ببینن لەبەردەم دادگادا، كە چەندە زەلیلن، ئاخر دەبێت لە عەلی حسن مجیدیان خراپتر بەسەر بێت.

جەنابی سەرۆكی كوردستان ئێوەش بێدەنگ بن لە ئاستی ئەو تاوانە گەورەیە خەڵك ناتوانی بێدەنگ بێت، بۆیە تكا دەكەین، چاو لەم غەدرە مێژووییە مەپۆشن و با نەوشێروان هەقی خۆی وەربگرێت.

بەدیل گرتن و ئینجا نامەردانە شەهید كردنی فەرماندەی هەرێمی ئەوسای حزبی سۆشیالیست (عەبدوڵلا سوور) بە بەرچاوی هەموو خەڵكی كوردستانەوە دیارە، بەڕێز جەنابی سەرۆكی كوردستان

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ناکرێت خوێنی عەبدوڵلا سوور بە فیڕۆ بڕوات، ئاخر با بزانین (نەوشیروان) ی تاوانبار، بۆچی ئەم هەموو خەڵکە بێ گوناه و دژە بەعسەی شەهید دەکرد، ئەی نابێ ئیمڕۆ بە بەرچاوی خەڵکەوە وەك عەلی کیمیاوی بە هەقی خۆی بگات؟؟.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.